# شانۆیی : کەسێکی وون

**نووسینی : عەبدوڵا حەمەلاو**
Helebjeh1988@hotmail.com



گەنجێکی باڵابەرزی جوانپۆشی بەژن ڕێکوپێک ( نە قەڵەو نە لاواز ، ژن بێت یان پیاو گرنگ نیە ) تەمەنی لە نێوان سی تا سی و پێنج ساڵ ئەبێت ، ناوی فەرهادە ، لەبەردەم ئاوێنەیەکدا بە ڕامانەوە وەستاوەو لە ئاوێنەکە ئەپرسیت و ئەویش وەڵامی ئەداتەوە .بێجگە ئەو ئاوێنەیەی کە ئەو سەیری ئەکات چەند ئاوێنەی بچووک و گەورەی تریش بە پانتایی شانۆکەدا هەڵواسراون کە هەندێک لەوانە تۆزو ژەنگ لێ ی داون و ڕەنگیان دێزو ناشیرین بوە . شوێنەکە زیاتر لە هۆڵێک ئەچێت کە تابلۆی وێنەو ئیکسسواراتی جۆراوجۆری تێدا ئەبینرێت کە پەیوەند بێت بە ناوەڕۆکی شانۆیەکەوە . دەرهێنەر گەر ئافرەتی بۆ دەورەکەی فەرهاد هەڵبژارد ئەوا خۆی ئەتوانێت ناوی ئافرەتێک دیاریکات ، ئەو ئەتوانێت ئاوێنەکانی تریش کە بە شانۆکەدا هەڵواسراون و ژەنگ لێ ی نەداون بۆ وەڵامدانەوەی قسەکانی فەرهاد بەکاربهێنێت .

ف :( بە ئاوێنەکە ئەڵێت )
تۆ کێیت ؟
ئا : من ئاوێنەم !
ف: ئاوێنە ؟
ئا : بێ کەم و زیاد .
ف : ئەی من کێم ؟
ئا : ئەمەیان زۆر زەحمەتە .
ف : بۆ ؟ ئەی تۆ ئاوێنە نیت ؟
ئا : با .
ف : کەواتە پێویستە بیزانیت .
ئا : مەرج نیە ئاوێنە هەموو شت بزانێت .
ف : مەرج نیە هەموو شت بزانیت یان بیڵێیت ؟
ئا : ئەمەشیان ڕاستە !
ف : ئەی بۆ نایڵێیت ؟
ئا : سەری نەزانین ڕائەوەشێنێت .

نازانم .
ف : ئەترسیت ؟
ئا : لەچی :
ف : لەوەی بتشکێنم ؟
ئا : بمشکێنی و ووردوخاشیشم کەیت هەر دروست ئەبمەوە .
ف : ئەی بۆ نایڵێیت ؟
ئا : ئاخر من نازانم تۆ کێیت ؟
ف : بەخوا گێله ، لەمە ڕوون و ئاشکراتر ؟ من بەهەموو خوێن و گۆشت و ئیسقانی خۆمەوە لەبەردەمی جەنابتانا وەستاوم ، هێشتا نازانیت من کێم ؟
ئا : ئەتبینم ، کوێر نیم ، کوێریش بم ئەتبیستم . کەڕیش بم بە بۆن بە هەست ئەتناسمەوە .
ف : قسەی زلیش ئەزانێت . جا ئیتر لەسەرچی وەستاویت ؟ بۆ نایڵێیت ؟
ئا : ئاخر ووتم ، زۆرم ووت ، بەڵام هیچی وا دەرنەچو .
ف : بەسەرسوڕمانەوە سەیرێکی ئەملاولای خۆی ئەکات و پاشان ڕوو لە ئاوێنەکە ئەکاتەوە .
چۆن ؟ کەی ؟ لەکوێ ؟
ف : خۆت باش ئەزانیت کەی و چۆن و لەکوێ ، پێویست ناکات من بەبیرت بێنمەوە .
ف : من هیچم لەبیر نیە ، تەنانەت نازانم هەفتەی پێشوش چیم کردوە ؟
ئا : ئاخر ئا ئەمەیە کارەسات ، هەر ئەمەشە سەری لە منیش شێواندوە .
ف : بۆچی ؟ لەچی ؟
ئا : لەوەی کە بزانم تۆ چیت ؟ تۆ کێیت ؟
ف : بۆ چەند ساڵە هەر ئەم تەنە نیم لەبەردەمتا ؟
ئا : تەن ئەتوانێت قەڵەو بێت یان لاواز ، درێژ بیت یان کورت ،جوان بێت یان ناشیرین ، سپی بێت یان ئەسمەر یان هەرچی تر هەر تەنەو هەر لەش . گرنگ نیە ، بەڵکو ئەوەی کە گرنگە مێشکەو کردارەو هەڵوێست .
ف : واز لەقسەی باق و بریق بێنە ، ئەوە ئیشی تۆ نیە ، ئەوەی کە ئیشی تۆیە ئەم لەشە چۆن لەبەردەمتا ڕاوەستا ئەوەی پیشاندە ، من هەر ئەوەم ئەوێ و هیچی تر .
ئا : منیش هەر ئەوەم ووتوە . بەڵام ئێستا نازانم تۆ کێیت ؟
ف : ئەمجارەش بەسەرسوڕمانەوە سەیرێکی ڕاست و چەپی خۆی ئەکاتەوەو پاشان ئەڵێت : بۆ وون بوم ؟
ئا : ڕەنگە خراپتر !
ف : چۆن ؟
ئا : زۆر زەحمەتە هیچ ئاوێنەیەک بزانێت کە تۆ کێیت ؟ یان چیت ؟
ف : ئەوە ئەڵێ ی چی ؟ بەخۆتەوە ناوەستیت ئاوێنەکانی تریش گومانبار ئەکەیت؟
ئا : من لەخۆمەوە قسە ناکەم .

ف : دیاره شتێک ئەزانیت .

ئا : ئیتر .

ف : کەواتە ئێستا گەر بەقسەی تۆ بێت من کەسێکی وونم .

ئا : من ووتم زەحمەتە ......

ف : (قسەکەی پێ ئەبڕێت )

کەواتە تۆ ناتەوێت ڕاستی بڵێیت ؟

ئا : جا لەوە ڕاستی تر ؟

ف : گەر بلێ ی لەوە بێ وەڵام تر چاکترە ، چونکە ئەوە هەر وەڵام نیە ، کێ وونە ؟ من وونم ؟ جا هەیە هێندەی من دیار بێت ؟ هەیە هێندەی من چوست و چالاک و گورج و گۆڵ و بەتوانا بێت ؟

ئا : ئەمانە هەمووی بەشوێنی خۆی ، بەڵام ئەوی تریش بەشوێنی خۆی .

ف : ئەوی تر چیە ؟

ئا : ئەوەیە کە تۆ نایبینیت ، بیشیبینیت بازی بەسەردا ئەیەیت ، یان خۆتی لێ ئەبوێریت ، یان باشتر بڵێین هەرگیز پێی ناوێریت .

ف : ئەمە مەتەڵە یان قسەی ڕووت ؟

ئا : هیچیان ، بەڵکو ڕاستیە .

ف : بەلای جەنابتانەوە مەتەڵیش ئەبێتە ڕاستی ؟

ئا : هەموو ڕاستیەکان لای تۆ مەتەڵ و قسەی بێ بایەخن .

ف : من گوێ لە هەموو ووردو درشتێک ئەگرم .

ئا : گوێ ئەگریت بەڵام بە گوێ ی کەس ناکەیت .

ف : بێگومان گەر شتێکم بەدڵ نەبوو ئەوا هەر گوێیشی لێناگرم .

ئا : کەواتە تۆ کەسێکی تاکڕەوی ، یان هەر خۆت بە پەسەند ئەزانیت ؟

ف : مەسەلەکە پەسەندو ناپەسەند نیە ، بەڵکو پەرژەوەند خوازو دووربینیە . بۆ نموونە ئەوەی من ئەیبینم هەموو کەس نایبینێت ، ئەوەی من هەستی پێئەکەم هەموو کەس هەستی پێناکات ، من ڕوداوەکانی پشت پەردەش ئەبینم و خوێندنەوەی جۆراوجۆریشیان بۆ ئەکەم .

ئا : ئەوەی تۆ ئەیڵێیت زۆر کەسی تریش ئەیزانێت ، بەڵام ئەوەش ناکەن کە تۆ ئەیکەیت .

ف : من چی ئەکەم و ئەوان چی ناکەن ؟

ئا : تۆ جاران نیوەڕۆ لەماڵێک نانت ئەخواردو ئێوارانیش لەماڵێکی تر ، بەڵام ئێستاش قاوەیەک لە گەرمیان و چایەکیش لە کوێستان ئەخۆیتەوە . هەست ناکەیت ئینتەلای سیاسیت کردبێت ؟

ف : من گەدەیەکی ڕامیاری وام هەیە بەهیچ خواردن و خواردنەوەیەکی تریش تێک ناچێت و بگرە تووشی ترشەڵۆکی پەشیمان بونەوەش نابێت .

ئا : بە بێ ئەوەی بزانیت ئەو شوێنانە کێن و کێ نین ؟

ف : من فەقێ نیم بۆ نان سەر بە هەموو ماڵێکدا بکەم ، من سیاسیم ، پیویستیم بەکێ بێت ، ئیشم بەکێ

بێت ، پەرژەوەندیم لای کێ بێت بەبێ ڕابردوو ڕانەبردوو ئەچم بۆ لای . ئەمڕۆ ئەچم بۆ لای جوولەکەکان ، سبەینێ بۆ لای مەسیحیەکان ، هەفتەی داهاتو بۆ لای شێخ و مەلاو خەلیفەکان ، تێگەیشتی ؟ من هەرچی سودی ماددی و شەخسی و دیبلۆماسی تێدا بێت ئەیکەم . واتە ئەمڕۆ مەلام ، سبەینێ قەشەم ، لەڕەمەزانا بەڕۆژوم ، دوای ڕەمەزان مەی نۆشم .

ئا : ئەمەی تۆ ئەیڵێیت سیاسەتە یان چێشتی فەقێ ؟

ف : خۆشم تا ڕادەیەک ئەزانم کە سیاسەت وا نابێت ، بەڵام تا ڕادەیەکیش ناچارم کە ئەبێت وابێت و وا بکەم . چونکە چواردەورەکەم وایە ، ئەوانەی لە دەوری منن ئەوانەن ، ئەوانەی کە پەرژەوەندیان لەگەڵ مندایە یان من پەرژەوەندیم لەگەڵیاندا هەیە ئەوانەن .

منیش حەزم ئەکرد چواردەورم هەتا بەدراوسێکانیشم ئەگات کەسانی سیکولارو مۆدێرنیزم بونایە تا منیش بە باڵ بفڕیمایە بۆلایان .

ئا : کەواتە تۆ بەپێ ی ڕۆژ سیاسەت ئەکەیت ؟

ف : ئەتوانیت وا بڵێیت و واش نەبێت .

ئا : چۆن ؟

ف : بەپێ ی ڕۆژ و وەکو ووتیشم بەپێ ی پەرژەوەندی ، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا خەتی خۆشمم هەیە .

ئا : ئەو خەتە ئەبینرێت ؟

ف : لە ناوەوە بەڵێ بەڵام لەدەرەوە کەمتر ، یان باشتر بڵێین کاڵتر .

ئا : واتە دەنگی هەیەو ڕەنگی نیە ؟

ف : نەخێر ، تۆزێک جوان قسە بکە ، ئەوەی تۆ ئەیڵێیت بایە ، بەڵام ئەوەی من ئەیڵێم دەنگیشی هەیەو ڕەنگیش .

ئا : تۆ ئەو خەتە بە ڕاست ئەزانیت ؟

ف : ڕاست بێت یان لار گرنگ ئەوەیە بڕوات ، ئیشی پێبکرێت .

ئا : جا ئەڕوات ؟

ف : ساف و لووس .

ئا : تۆ دیارە هەر بۆ پێشەوە ئەڕۆیت ؟

ف : پێشی پێشی پێشەوە .

ئا : هیچ ئاوڕ بۆ دواوە نادەیتەوە ؟

ف : جار جار ، بۆچی ؟

ئا : تا بزانیت چیت لەدوای خۆتەوە بەجێهێشتوە ؟

ف : من گەر بۆ پێشەوە بچم و نەکەوم دیارە شتی باشم بەجێهێشتوە .

ئا : هەست ئەکەیت چواردەورەکەت لێت ڕازی بن ؟

ف : بیگومان هەموویان نەخێر ، بەڵام بەشێکیان ، ئەگەر نەڵێم لە نیوە زیاتر یان کەمتر .

ئا : ئەی نیوەکەی تر ئەڵێن چی ؟

ف : چوزانم ، جۆراو جۆرن ، هەندێکیان خەڵەفاون ، هەندێکی کەیان قسەی زل و بێمانا ئەکەن ، قسەکانیان پێ ی لەزەوی نیەو لەخەیاڵدا ئەژین . هەندێکی تریشیان هەر لە دوورەوە جنێومان تێئەگرن و قسەی کتێبمان پێئەفرۆشن ، لەو قسانەی کە زۆرمان لێخوێندەوەو هیچیش سوودمان لێ نەبینی ، هەندێکی کەشیان بە حساب بێلایەنن ، وەکو کونە بەبو چاویان زەقەی دێ و هیچ ناڵێن. واتە بەهار بێت یان زستان پلەی گەرمای ڕازی و ناڕازیان نەگۆڕە .

ئا : بەڕای تۆ ئیش وا ئەڕوات ؟

ف : چۆن ؟

ئا : نیوە ڕازی و نیوە ناڕازی ؟

ف : ئەزانم مەبەستت چیە ، بەبڕوای من گەر یەکێک هەموو لێ ی ڕازی بوون ئەوا ئەبێتە لەبلەبان .

ئا : مەبەستت کۆتری تەقلەبازە ؟

ف : بەڵێ ، ئەو کۆترەی کەهەر کەس چەپڵەی بۆ لێبا ئەویش تەقلەی پێشکەش ئەکات .

ئا : کەواتە گەر بەو حسابە بێت تۆ تەقلە بۆ نیوە لێئەدەیت ؟

ف : ( ئەمجارە زیاتر لە ئاوێنەکە تووڕە ئەبێت ، لەهەمان کاتتدا چەند پاسەوانێکی گەنج لە پشتی کەوالیسەکانەوە بەگرژی و مۆنیەکەوە دەرئەکەون و بە تووڕەییەوە سەیری ئاوێنەکە ئەکەن)

ووتم ئاگات لەدەمت بێت ، دوەمیش من تەقلە بۆ کەس لێنایەم ، بەڵکو ئیش ئەکەم ، ئیشی جددیش ئەکەم ، تێگەیشتی ؟ جارێکی تر قسەی وا سەقەت بکەی پاداشتەکەی وەرئەگریتەوە .

ئا : چیم لێئەکەی ؟ ووردوخاشم ئەکەی ؟

ف : نەء ، داتئەڕزێنم ، نایەڵم کەس سەیرت بکات ، کەس پاکت بکاتەوە ، تا بۆخۆت ژەنگ هەڵبێنیت و بڕزێیت .

ئا : ئەمە تەنیا لە پای ووشەیەک ؟

ف : ئاخر ئەو ووشەیە کەم نەبو ، نەخێر تۆ پێشتریش بێحورمەتی ترت کرد ، هەموو شت سنووری خۆی هەیە .

ئا : کەواتە ئاوێنەکەنی تریش یەک دوو قسەی لەم چەشنەی منیان کردوە بۆیە بەسزای خۆیان گەشتون ؟

ف : ئەوانیش دیارە ناماقووڵی وەکو جەنابتیان فەرموە .

ئا : کەواتە دانی پیا ئەنێیت کە پێشتریش چەند ئاوێنەی ترت داڕزانبێت ؟

فا : من شەرم لەکەس ناکەم ، هەقی هیچ ئاوێنەیەکیش ناخۆم ، بەڵام هەرکامێکیشیان هەر بێحورمەتیەکم پێبکەن هەرچیم پێ بکرێت ئەیکەم .

( بە هێمایەک پاسەوانەکان ئەنێرێتەوە پشتی کەوالیسەکان )

ئا : بە پێ ی یاسای گشتی یان یاسای خۆت ؟

ف : من ئەوانی تر نیم یاسای خۆمم هەبێت ، یاسا هەر یەک یاسایە کە ئەویش لە سەرووی هەمووومانەوەیە .

ئا : واته یاسای گشتی هەمیشه لەگەڵ تۆدایه ؟

ف : ( به سەر سوڕمانەوه ) چۆن ؟ من لەگەڵ یاسادام نەک به پێچەوانەوه .

ئا : ئەی هەموو ئەو کارانەی که ئەیکەی ؟

ف : ئێ ؟

ئا : یاسایین ؟

ف : من تا ئێستا کەس ئێخەی پێنەگرتوم ، هیچ نامەیەکی دادگام پێنەگەشتوه تا بزانم نایاساییم کردوه یان نا .

ئا : کەواته .....

ف : کەواته هەموو کارەکانم یاسایین .

ئا : بێدەنگی یاسا بەو مەرجه دائەنێیت ؟

ف : ( پرسیارەکه له کۆڵ خۆی ئەکاتەوه ) دادگاو یاسا هێزو فشاری کەسیان بەسەرەوه نیه .

ئا : ئەی شەرم و بوێری ؟

ف : دادگا وەکو ووتم دەسەڵاتێکه لەسەروی هەموومانەوه ، نه شەرم لەکەس ئەکاو وه نه لەکەسیش ئەترسێ .

ئا : ئەمه لەسەر کاغەز ، ئەی له پراکتیکدا ؟

ف : بێگومان له پراکتیکیشدا ئەبێت وابێت ، بەڵام گەر دادگا خۆی مەسەلەیەکی پشتگوێ خست یان چاوی له ڕووداوێک یان چەند ڕووداوێک پۆشی ئەوه پەیوەندی به منەوه نیه .

ئا : دادگاو یاسا ئێخه بەکەس ناگرن تا ئەگەر یەکێک داوای یاسایی لەسەر یەکێکی تر نەنوسێت .

ف : ئەگەر واشبێت من تا ئێستا نەمبیستوه کەس شتێکی لەسەر یان داوایەکی له دژ تۆمار کردبم .

ئا : دادگاو یاسا کێ ئەیانژێنێت ؟

ف : بودجەی دەوڵەت .

ئا : بودجەی دەوڵەت کێ دیاری ئەکات ؟

ف : پەرلەمان و سەرۆکی وەزیران .

ئا : پەرلەمان و سەرۆکی وەزیران له چ دەریایەکەوه هاتون ؟

ف : له دەریای حیزبەکانەوه .

ئا : کەواته حیزب دادگا ئەژێنێت ؟

ف : چەند ئاوێنەیەکی ناحاڵیت ، ڕاسته چاوگەکەی ئەچێتەوه لای حیزب ، بەڵام خۆ ئەو بودجەیه بودجەی خودی حیزبەکه نیه .

ئا : ئەزانم ، ئەزانم که له گومرگ و سەروەتی نیشتمانی و ڕسوماتی فەرمانگەکان و شتی تریشەو پێکهاتوه ، بەڵام گرنگ ئەوەیه له کۆتاییدا ئەچێتەوه ژێر دەستی حیزب و حیزب بڕیاری لەسەر ئەیات ، جا ئەوجا وەزیرو پەرلەمانی ناچاریش .

ف : ( ئەمجارەش توڕه ئەبێتەوه ، پاسەوانەکانیش دووباره به هەمان شێوەی پێشوو دەرئەکەونەوه )

ڕێگات پێنایەم بەو وەزیرو پەرلەمانتارە بەڕێزانە بڵێیت ناچاری ، چونکە ئەوانە هەموو بە هەقی خۆیان چونەتە ئەوێ و لەلایەن کۆمەڵانی خەڵکەوە هەڵبژێرراون .( دیسانەوە بە هێمایەک پاسەوانەکان ئەنێرریێتەوە دواوە )

ئا : کۆمەڵانی خەڵک یان کۆمەڵانی حیزب ؟

ف : جیاوازی نیە ، حیزبیش قارچک نیە لەو دەشتەوە هەڵتۆقیبێت ، بەڵکو لە کۆمەڵانی خەڵکەوەیەو هەر ئەوانیش هەڵیانبژاردوە .

ئا : کۆمەڵانی خەڵک ئەتوانن بەبێ حیزب بژین ؟

ف : ( کەمێک سەغڵەت ئەبێت ) تۆ پرسیاری زۆر سەیرو سەمەرە ئەکەیت ؟ باشە من لە تۆ ئەپرسم کەواتە کۆمەڵانی خەڵک حیزبیان بۆچیە ؟

ئا : نەء ،زەحمەت نەبێت خۆت لە پرسیارەکەم لامەیە . تۆ بەو قسەیەت حیزب ئەکەیت بە تەوەری هەموو شتەکان ، ئەمە باسێکی ترەو دێینەوە سەری ، با بمێنێت . بەڵام پێم بڵێ خەڵک گەر حیزب هەڵنەبژێرێن ئەتوانن بژین ؟

ف : ( ئەمجارەش لە پرسیارەکە تێناگات ، یان خۆی لێ گێل ئەکات ) بێگومان ، هەزارەها کەس هەیە دەنگی بۆ حیزبیش نەیاوەو ئازادانە کاری خۆیشی ئەکاو ژیانی خۆی ئەگوزەرێنێ .

ئا : من مەبەستم ئەوە نیە ، بەڵکو ئەمەوێ بپرسم ئایا ئەوانەی حیزبی نین لە پلەو پایەو مووچەو وەزیفەدا وەکو ئەوانە وان کە حیزبین ؟

ف : بێگومان نەء ، ئەمە مەسەلەیەکەو لە هەموو دنیاشدا هەروایە ، گەر هەر حیزبێک دەسەڵاتی بەدەستهێنا یان گرتە دەست ئەوا هەموو شوێن و وەزیفە باشەکان بۆ خۆی داگیر ئەکات .

ئا : ئەوەشی کە ئەمێنێتەوە بۆ خەڵکە ڕەشەکە .

ف : ئم .

ئا : بە هەرحاڵ ، ئەی ئەبێت حیزب لە هەموو شوێنێک هەبێت ؟

ف : وەکو .

ئا : هەر شوێنێک ، شوێنی کار ، خوێندن ، میدیا ، مزگەوت ، مەیخانە ، چاخانە ، لەگوند لە شار ، جا لەکوێ ی تریش نا ؟

ف : بەبڕوای من گەر حیزبێک لەو هەموو شوێنانە هەبێت و باس بکرێت ئەوە نیشانەی خۆشەویستی حیزبەکەیە .

ئا : بەڕێزم تۆ هەر خۆت لە پرسیارەکانی من لائەدەیت ، من باسی ڕق و خۆشەویستیم نەکرد ، بەڵکو ئەمەوێ ڕوونتر بڵێم بەڕێزتان نابینن حیزب بوەتە سێبەری هەموو کون و قوژبنێکی ئەم مەملەکەتە ؟ هەست ناکەن حیزب بوەتە کاریزماو پەیکەری خەیاڵی بۆ کرابێت ؟ نابینن حیزب بەڕەی ماڵ ، سفرەی نانخواردنی لەتکردبێت ؟ یان تێکەڵ بە خواردن ، ڕەنگی جل ، بیرکردنەوە ، ئەدەب ،هونەر ، مۆدێلی ماڵ و خانو و سەیارە بوبێت ؟ نابینن کە حیزب ئاوێزانی ئاوی بەلۆعە ، محاویلەو کێبڵی کارەبا ، بوتڵی غاز ، بەرمیلە نەوت ، بەنزین ، مێژوو جوغرافیا ، هەتا بە فەرهەنگ و کلتوری نەتەوەش بوبێت

؟

ف : چيه ئەوه ؟ بۆ وا گڕت گرت ؟ توڕه بوون بۆ فشاری خوێن باش نيه . بەهەر حاڵ ، قسەكانت ڕاستن ، بەڵام ئەوه دەسەڵاتی من نيه كه حيزب بەو دەرده چوه ، منيش حەز ناكەم نەك حيزب بەڵكو سەرۆكەكانيش ببنه كارێزما . بێجگه خوا هەموو كەسێك ، حيزبێك ، فەلسەفەيەك ، تا ئايدۆلۆجيايەك قابيلی ڕەخنەو گۆڕان و كۆن بوون و هەتا لە ناوچونيشه . بەڵام تۆ چی لەخەڵك ئەكەيت كه وەكو ناتوانێت دەست بەرداری ئايين و خورافات ببێت ناتوانێت واز لە حيزبيش بێنێت . خەڵك خۆی حەزی لە سواربونی ئەسپی حيزبه ، ئيتر مۆدێلەكەی وايەو كەسيش ناتوانێت ڕێ لە حەزو خولياي كەسی تر بگرێت .

ئا : ئەسپی حيزب هەرگيز خولياو ئارەزوو نين تا خەڵك عەوداڵی بێت ، يان ڕوونتر بڵێم حيزب و ئەسپی حيزب نابنه خولياو مۆدێل گەر خەڵك ناچار نەبێت .

ئازادی ، پارەو جلی جوان ، مۆدێلی سەيارەو خانو ، سەفەری ئەوروپاو جيهان ، هەتا دەوڵەمەند بوون و بەزمی ئافرەتی جوان ئەكرێت حەزو ئارەزوو بن نەك ئەسپی حيزب . بەڵام گەر حيزب لە وەسيلەوە بوو بە مەبەست و زۆر شتی تريش ، ئەوا خەڵكان لە ناچاريدا نەك هەر دوای ئەكەون بگره هەندێكيان ئەبنه دەروێشيش بۆی .

ف : به بڕوای من خەڵك خۆی حيزبی كردۆته مەبەست ، يان باشتر بڵێم خەڵك وەك چۆن بەبێ ئايدۆلۆجيا هەڵناكات مەترسيەكانی دەوروپشتيشی وای لێئەكات لەبازنەی حيزب دوورنەكەوێتەوەو بەبێ حيزب ئيداره نەكات .

ئا : بێگومان گەر حيزب وەك تەلەفزيۆن چوه هەموو ماڵێكەوه يان لە هەموو دەزگاو فەرمانگەيەكدا بوه كارو كاری چەوريش ئەوا لە ئايدۆلۆجيا خراپتری بەسەر دێت .

ف : ( كەمێك سەغڵەت ئەبێت ) تۆ يەكجاری حيزبت كرد به دێوەزمه ، زياد لە پێويست ڕووتت كردەوەو هيچ ڕۆڵێكی چاكت پێنەبەخشی . تۆ دياره لەبيرت چوو كه حيزب بۆ شۆڕش چ ڕۆڵێكی گرنگی هەبوەو هەيه ، گەر حيزب نەبێت جەماوەر لە دەوری چی و كێ و كۆببنەوه ؟ بەرنامەو پلان و ئيشكردنی سياسی و سەربازی هەتا جێبەجێكردنی قۆناغەكانی شۆڕش ئەگات لە كێ و لە كوێوه سەرچاوه ئەگرێت ؟

ئا : ئەمانه هەمووی جێگای ڕێزو پێزانين و بەجێ ی خۆيان ، بەڵام ئەمڕۆ چەند عەيامێكه كات تێپەڕيوه ، كاسترۆ و جيڤاراو لينين و تيتۆ و ماوتسيتۆنگ و هەموو ئەوانی تريش شۆڕشيان كردو خەڵك لە ئەنجامی شۆڕشەكانيشيان باش بێت يان نا خواردو تەواو بوو .

ئێستا كات كاتی دوای شۆڕشه ، ئەركه گەورەكەی حيزب تەواو بوو ، بيانوی دوژمن و تابوری پێنجەم و چی و چی تريش كۆتايی پێهات .

ف : ڕاسته دوژمن و تابوری پێنجەميش كۆتاييان پێهات ، بەڵام دوژمنی تازەو تابوری شەش و حەوتيش لە دايك بوون .

ئا : ئەزانم ، بەڵام ئەوانه هەر بۆ ئێمه نين ، بەڵكو بۆ هەموو جيهانيشن .

ف : ئاخر تۆ چۆن ئێمەو جيهان ئەخەيته تای تەرازوی سەقامگيريەوه ؟ ئەوانه سەدەها ساڵه وڵاتن و

خاوەنی ئابوریەکی باش و پتەوو دامەزراون .
ئا : تەمەنی تۆش کەم نیە ، گەر سەقامگیریتان بویستایە ئێستا دەمێک بوو جێبەجێ بوبو ، گەر ئابوریەکی باشت نەبێت ئەو سەدەها ملیارلەرو هەزارەها ملێۆنەرە لەکوێوە پەیدا بوون ؟
ئێوە نە شەریکەی ( سۆنی و بی ئێم و نە ئێرکسۆن و ناشنالتان ) هەیە وە نە خاوەنی کارخانەو پیشەسازیەکی زۆر پێشکەوتوشن تا خەڵکان گومان نەکەن و بڵێن ئەو ملێۆنەرانە لە کوێوە لە داییک بوون ؟
گومانی تێدا نیە پارەی ئەو ملێۆنەرە تازە هەڵتۆقیوانە بودجەی ئەو خەڵکەیەو لە ڕێگای حیزبەوە بە ناوی پرۆژەو پرۆژەکاری جێبەجێ نەکراوەوە دزەی کردۆتە گیرفانیان ، جا لەباتی ئەوەی بیکەنە جادەو پردو ئاوەدان کردنەوە کەچی کردویانەتە سۆپەرمارکێتی گەورە گەورەی خواردن و کەلوپەلی کارەبایی و ناوماڵ و بە خەڵکەکەی ئەفرۆشنەوە . جا هەر کە دەمیشیان گەرم ئەبێت ئەڵێن ئێمە نیشتمان پەروەرین .
ف : بە بڕوای من هەموو وولاتێک ، هەموو شۆڕشێک بەم قۆناغەی ئێمەدا تێئەپەڕێت . تۆ ئەبێت ئەوە بزانیت ئەمە پرۆسەیەکە کە بە ساڵ و دە ساڵ تەواو نابێت . تۆ ئەتەوێت مەملەکەتێکی جەنگی چەندەها ساڵەی بەجێهێڵراو و پشتگوێ خراو ، بە خەڵکێکی ماندو و برسی و بێکارەوە لە پڕ بە کون فە یەکونێک وەکو وولاتێکی دامەزراوی بێکێشەو بێ سەرئێشەی لێبێت ؟ ئەمە مەحاڵە .
ئا : هیچ شتێک مەحاڵ نیە ، ئێوە هێندەی ئیش بۆ حیزب بوونی حیزب ئەکەن یان هێندە خەبات بۆ دەسەڵاتدار بوونی حیزب و هەیکەلی حیزبی ئەکەن نیو هێندە ئیش بۆ دامالینی حیزب لە کۆمەڵ و کۆمەڵگا ناکەن .
ئێستا وەکو چۆن پێویستە ئایین بچێتەوە مزگەوت و کەنیسەکان کاتی ئەوەش هاتوە کە حیزب بچێتەوە بارەگاو شوێنە تایبەتیەکانی خۆیان . چونکە جێگای مەترسیەکەی گەورەیە گەر حیزب لە وەسیلەوە تێپەڕی کردو بوو بە ئامانج و مەبەست ، ئەوکاتە کۆمەڵگا ئۆتۆماتیکی وەکو کۆمەڵگا دیکتاتۆریەکان ئەبێتە کۆمەڵگایەکی ئەڵقەلەگوێ ی حیزبی . لەوە ناقۆڵاو نەشیاوتر نیە گەر حیزب بیرو بیرکردنەوەو پێویستیەکانی تاک و کۆی کۆمەڵ و کۆمەڵگای داگیر کرد . گەر کار بەو شێوەیە بڕوات کۆمەڵگا کۆمەڵگایەکی دابڕاوو بەجێماو ئەمێنێتەوە . بەجێماو لە پێشکەوتن و شارستانیەت ، بەجێماو لە گۆڕانکاری ، بەجێماو لە هەموو شتێک .
ف : بوەستە برا بوەستە ، وابزانم خەریکە تەواو ناخۆشی ئەکەیت ، ئێوە وەکو سەدەهاو هەزارەهای تر هەر بۆ قسەی زل و ڕەنگاو ڕەنگ خێران ، ئێوە ئەبێت کەمێک واقیعی بن و قسەیەک بکەن کە پێ ی لە ئەرز بێت نەک لە ئاسمان .
ئێمە چۆن ئەتوانین ئەم داواکاریانەی جەنابتان جێبەجی کەین لە کاتێکدا کە دەست و قاچمان بە کێشە سەرەتاییەکانی کۆمەڵگاوە گیرابێت ؟ ئاخر حیزب بودجە دیاریکات ؟ ئەمنیەت بپارێزێت ؟ ئاوو کارەباو سوتەمەنی دابینکات ؟ چاودێری پارسەنگی سیاسی بێت ؟ ئاخر چی و چی و چی تریش نا ؟
دەوەرە پێم بڵێ گەر حیزب نەبێت ئەمانە هەمووی چۆن جێبەجێ ئەبێت ؟ چۆن ئیدارە ئەدرێن ؟ چۆن ئەڕۆن بەڕێوە ؟ ها ؟

ئا : بەڕێزتان یان ئەتانەوێت ئێمە گێل کەن یان هەر وەکو جارەکانی تر ئەتانەویت خۆتان لە جەوهەری پرسیارەکە لابەن ، مەبەستی من ئەوەیە حیزب بۆچی ئەم کارانە بکات لە کاتێکدا کە ئەمە کاری ئەو نیەو کاری دام و دەزگاکانی دەوڵەتە ، مەبەستم ئەوەیە کە ئیتر کاتی ئەوە هاتوە کە حیزب خۆی لە سەنتراڵ کردنی ئیش و کارەکان و کۆنترۆڵ کردنی ئەرکەکان بکێشێتەوەو بەجێیان بێڵێت بۆ فەرمانبەرانی دەوڵەت و دام و دەزگای ناحیزبی .

ف : (ئیتر بە ناچاری دێتە وەڵامی پرسیارەکە ) ئەها ا ا ا ا ا ا ا ا ا ئێستا تێگەشتم کە مەبەستی جەنابتان چیە ، کەسەکەم ! ئەوەی تۆ ئەیڵێیت لە مەحاڵ مەحاڵ ترە .

ئا : بۆ ؟

ف : چۆن بۆ ؟ جا ئەگەر ئەو هەموو ئەرک و کارانە لە حیزب بسەنرێتەوە فیلی حیزب چی ئەمێنێتەوە ؟ هێندەی مشکێک ؟ ئاوێنەی بەڕێزم تۆ کەمێک ئاقڵانە بیرکەرەوە ، کێ ڕازی ئەبێت خۆی بەدەستی خۆی لە شێرەوە ببێت بە ڕێوی ؟ تۆ ئەتەوێت هەرچی پەڕوباڵێک کە بە درێژایی ئەو ساڵانە دروستمان کردوە لە خۆمانی بکەینەوەو وەکو قەل و مریشک لە بارەگاکانماندا کڕکەوین ؟

ئا : تۆ ئەگەر بتەوێت ، تۆ ئەگەر بەرنامەو پلان و ستراتیجیەتی مرۆڤ دۆستانەو دڵسۆزی بۆ کۆمەڵگاکەی خۆت هەبێت نە ئەبیت بە ڕێوی و نە وەکو مشکیش بچووک ئەبیتەوەو وە نە وەکو قەل و مریشکیش کڕ ئەکەویت .

ف : چۆن ؟ ئەگەر یەکێک جل و بەرگەکەیت لەبەر داکەند ئیتر چی لێدێت ؟پێم ناڵێیت ؟

ئا : تۆ ڕووت نابیتەوە ، تۆ جل و بەرگ و بەرنامەی خۆت هەر لەبەرتدایەو گەر خۆشت نەیگۆڕیت کەس مۆدێلەکەیت پێناگۆڕێت ، بەڵام ئەوەندە هەیە تۆ لە ناوەڕاستی شارەوە ئەگوازیتەوە بۆ قەراغی شار .

ف : ( گاڵتەی بە قسەکەی ئاوێنە دێت ) من .... بچم لە خانوە قوڕەکان دانیشم ؟ بە پێ ی قسەی جەنابت بچمەوە بارەگاکەی خۆم و هەڵبژاردن و هەڵبژاردن بێمەوە سەر شانۆی سیاسی ؟ ئەوە شێت بوی ؟ ئاگات لە خۆتە چی ئەڵێیت ؟

ئا : ناقۆڵایی لەم قسەیە چیە ؟ ئەی ئێمە بۆ جاران ڕەخنەمان لە دیکتاتۆریەت ئەگرت ؟

ف : ( تورە بوون دەستپێئەکات ) ئاقڵ سێ سەدو پەنجا جۆر گۆڤارو ڕۆژنامەی جۆراو جۆر لەسەر تا سەری مەملەکەتدا دەردەچن ، ئەمە دیکتاتۆریەتە ؟ ئاخر بە مەبدەئت بە هەموو وولاتە عەرەبیەکانەوە هێندە گۆڤارو ڕۆژنامە دەرئەکەن ؟ لەوەتەی ئەم سەرزەمینە هەیە هێندەی ئازادی بە خۆیەوە دیوە ؟

ئا : دیسانەوە لە خەت لاتدایەوە ، بەڕێزم بەڵام ئەمە پاساو نیە بۆ ئەوەی کە بەڕێزتان هەمیشە سەرچۆپی کێش و ناوەڕاست خوانی سیاسەت بن ، ئەی ماندوو نابن ؟ پیر نابن ؟ خوانەخواستە نامرن ؟

ف : ( زیاتر تورە ئەبێت و لە تورەییدا ئەکەویتە هاتوچۆکردن ) کورە بێدەنگبە هەی بێشەرم ، هەی بێ ئەدەب ، ئەوە تۆ تەریق نابیتەوە ؟ وتمان دیموکراتی و ئازادی بەڵام نەمانووت بێحورمەتی و سوکایەتی .

( پاسەوانەکان بۆ جاری سی یەم بەهەمان شێوەی تورەییەوە دەرئەکەونەوە )

ئا : ( بە هێمنیەکەوە ) ببورە بەڕێزم من بێ ڕێزی و بێحورمەتیم بەکەس نەکردوەو بەکەسیش ناکەم ،

هەتا بە بەڕێزیشتان . من خراپم نەوتوە کە باسی پیری و مردن ئەکەم ، خۆشتان ئەزانن کەس نابێتە حەزرەتی نوح و خەیری زیننە ، فیرعەونەکانیش هەتا بە قەیسەرەکانیش ئەگات پیر بوون و مردن .

من بە ڕوونی و شەفافی ئەڵێم با گۆمەڵگا لەوە زیاتر تووشی پەتای فیرعەونەکان و قەیسەرەکان نەبێت ،من ئەڵێم بۆچی لەدوای فیرعەون فیرعەونێکی تر جێگای بگرێتەوە ؟ یان کە قەیسەر مرد قەیسەرێکی تر بێتە شوێنی ؟ کێ ئەڵێت ئەو خەڵکە هەموو قەیسەر و فیرعەونیان خۆش ئەویت ؟ یان بەوان ڕازین ؟ یان بەرنامەو پلاتفۆڕم و پراکتیکی ئەوانیان بەدڵە ؟

ف : ( هەر تورەیە ) ئاخر گێلە ! لەوەتەی ئەوانە هەن ، لەوەتەی مێژووی ئەوانە هەیە هێندەی ئێستا خێرو خۆشیان بە خۆیانەوە دیوە ؟

ئا : ببورە بەڕێز ، من گێلیەکەم لەوەدایە کە ئەوە بە هەموو شت نازانم ، دوەمیش وەکو ووتم ئەمە نابێتە پاساوی ئەوەی کە بەڕێزتان شەرعیەت و ڕەسمیەت بە خۆتان بدەن و تەمەنی فیرعەون بۆخۆتان بنووسن ، ئێوە گەر هەموو گیانیشتان هەنگوین بێت هێشتا هەر تاڵن ، ببورە گەورەم سەردەم سەردەمێکی ترە ، خەڵکان خەڵکانێکی ترن ، واتە کەس تا سەر کەسێکی یان حیزبێکی ئەزەلی و ئەبەدی خۆشناویت ، خۆ من مەبەستم ئەوە نیە بە ئێوە بڵێم هەستن بڕۆن ، ئەڵێم وا چاکترە ئیش بۆ گۆڕران بکەن نەک بۆ مانەوە ، پابەند بوون بە کەسێکەوە یان گروپێکەوە یان حیزبێکەوە لە پابەند بوون بە تلیاک و ئایینەوە خراپترە .

ئێوە دانیشن من ئەڕۆم ، من قسەکانم تەواو بوون ، پێویست ناکات پاسەوانەکانت لەوە زیاتر چاووم لێ سوور کەنەوە ، من ئیشم تەواو بوو ، ئەچم بۆ شوێنێکی تر .

کۆتایی